# گوتەکانی عەمرو موسای سەرۆکی جامعەی عەرەبی لەسەر کورد و پابەندیی بە ڕەگەزپەرستییەوە

خەبات گۆپتەپەیی
خوێندکار لە دواتەرمینی سۆسیۆلۆجی لە زانکۆی ستۆکهۆلم
khal3587@student.su.se

ئایا دەکرێ بە شێوەیەکی زانستییانە پابەندییەک لە نێوان گوتەکانی عەمرو موسا و ڕەگەزپەرستیدا بکرێ؟

هەڵبەتە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، لەپێشدا پێویستیمان بە لێکدانەوە و تاوتوێکردنی چەمکی ڕاسیزم هەیە. پێش ئەوەی دەست بە شیکردنەوەی ئەو چەمکە بکەم، دەمەوێ پشت بەو لێکۆڵینەوانە ببەستم کە لێکۆڵەرەوانی کۆمەڵناسی لەو بوارەدا تیشکیان خستوەتەسەر، پاشان دەرئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانە و پێناسەیەکی هاوبەشی ئەو چەمکە دەکەم کە زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان لەسەری کۆکن و، دواتریش بەستنەوەیان و بەراوردکردنیان بە گوتەکانی (عەمرو موسا)وە دەهێنمە بەر باس.

لەجیاتیی وشەی ڕەگەزپەرستی، وشەی (ڕاسیزم) بەکاردەهێنم، لام وایە کە مانایەکی فراوانتر لەخۆ دەگرێ.

ڕاسیزم چەمکێکە کە پێناسەیەکی سەختی هەیە و کێشمەکێشمێکی زۆر لەخۆ دەگرێ. کاتێ پیاو وشەی ڕاسیزمی بەرچاو دەکەوێ یان گوێی لێ دەبێ، یەکسەر دەیباتەوە سەر کۆلۆنیالیسم و داگیرکاری، ستەمی سپی-پێستەکان بەسەر ڕەش-پێستەکان و کۆمەڵگەی سەرمایەداری، بەڵام ئایا ئەمە لێکدانەوەیەکی ڕاستە و پێناسەیەکی تەواوە؟

هەتا کۆتاییی ساڵانی 1950، تێڕوانینی مرۆڤ بۆ ئەو چەمکە وەک ئایدۆلۆجیا وابوو بەڵام دواتر ناوەڕۆکێکی تری لەخۆی گرت، لەبەرئەوەی وەک ئایدۆلۆجیا خۆی لە خۆیدا نەدەکرا لەو ڕەفتار و بۆچوونانە جوودابکرێتەوە کە ئەو چەمکە دەبووە مایەی.

ئاندێش لانگێ، پرۆفیسۆر لە ڕەو و ڕەگەزایەتی لە کتێبەکەی خۆی "کاردانەوە لای ڕاسیزم" (1992)دا دەنووسێ: ئەمڕۆ بە زۆر شێوە و مانای جیاواز ڕاسیزم پێناسە دەکرێ، بەبێ ئەوەی ڕوون و ئاشکرا دەربڕی ڕاستییەکان بن. ئەو باوەڕی وایە کە ئەم چەمکە لە زۆر بۆنەی جیاوازدا بەکاردەبردرێ و باسی لێوە دەکرێ، وەک ڕاسیزمی ڕەسەن و شاراوە، ڕاسیزمی بایۆلۆجی و کولتووری، ڕاسیزمی ڕامیاری و ئابووری، ڕاسیزمی کۆن و نوێ و.....هتد.

بنج و بنەوانەی ڕاسیزم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆلۆنیالیزم و سەرمایەداری و سپی-پێست، بە کورتییەکەی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، بەڵام ئاندێش لانگێ دەنووسێ: ڕاسیزم لە هیندستان، ژاپان، چین و وڵاتانی عەرەبی زۆر لەمێژتر پێش ئیسلام و دوای پەیدابوونی ئیسلامیش بە گەلێک پاشتر لە چاو سەردەمی پەرەسەندن و گەشەکردنی کۆلۆنیالیزمی ئەورووپا لە ساڵانی 1400دا هەبووە. کەواتە دەکرێ ڕاسیزم وەک دیاردەیەکی نێونەتەوەیی ببینرێ، سەرەڕای ئەوەش هێشتا پێناسەیەکی تەواو کرچ و کاڵە.

مارگەریتە ویزرێل و یۆنا-تان پۆتتەر 1992، هەوڵ دەدەن پێناسەی ڕاسیزم تەنیا لە شێوەی وتارێک "دیسکورس"دا شی بکەنەوە و پێیان مەحاڵە کە بتوانرێ پێناسەیەکی گشتی و پڕمانای خۆی بۆ بدۆزرێتەوە. ئەوان دەڵێن دەکرێ ڕاسیزم وەک دیاردەیەکی تایبەت ببینرێ و لە هەلومەرج و بۆنەی جیاوازدا مانای جیاوازی هەبێ.

کۆمەڵناس ڕۆبەرت میلیس 1989، لای وایە لە بایۆلۆجیی ئەم سەردەمەدا چەمکی ڕاسیزم ڕەت دەکرێتەوە، لەبەرئەوەی لە توانای ئەم پێناسەیەدا نییە کە بتوانێ کرۆکی ئەو ڕاستییانە لێک بداتەوە، کە باس لە پێوەندیی گرووپە جیاوازەکان دەکەن. جگە لەمانەش ڕاسیزم شێوە و شێواز و ڕەنگی جیاوازی هەیە.

میکایل بانتۆن 1988، لە شیکردنەوەکان و لێکۆڵینەوەکانیدا، وایدەبینێ کە پێناسەی ڕاسیزم پێناسەیەکی ڕۆژانەیە و تێگەیشتنێکی باوە و لەناو خەڵکدا ناوەڕۆک و مانای جیاوازی لەخۆ گرتووە.

"ستوارت هال"یش هەر وەک وتارێک (دیسکورس) باسی لێوە دەکات و دەنووسێ: لە ڕاستیدا هیچ بنچینەیەکی زانستییانە بە مەبەستی دابڕان و بەش بەشکردنی مرۆڤایەتی بۆ ڕەگەزی جیاواز لەسەر بنچینەی بایۆلۆجی لەئارادا نییە.

(هال و لانگێ) وایدەبینن، کە ڕاسیزم یاسایەکی نەنووسراوی کۆمەڵایەتییە و لەوێدا نیشانەی لەشی مرۆڤ وەک ڕەنگ و ڕوو و پێستی جیاواز بەکاردێ بۆ هەڵاواردن و جیاکردنەوەی گرووپێک خەڵک لە گرووپێکی تر، ئەمەش لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی مەبەست و دەستەڵاتە کە دروستکەری ئەو وتارە ئایدۆلۆجیایەیە.

لانگێ وایدەبینێ، کە ڕاسیزم تەنیا دیاردەیەکی سەرمایەداری نییە و ناکرێ نە بەپێی تێگەیشتنی چینایەتی و نە بەپێی ڕوانگەی ئابووری لێک بدرێتەوە.

هال وایدەبینێ، کە ڕاستە سەرمایەداری بەکارهێنەر و دروستکەری ئەو جیاوازییە تایبەتییانەیە، بەڵام ئەوەش ڕەت دەکاتەوە کە ڕاسیزم دیاردەیەک بێ تەنیا لەناو چینی باڵادەست و چینی دەستەڵاتداردا هەبێ، هەروەها ئەو پاشماوانەش ڕەت دەکاتەوە کە مەحاڵ بێ هەبوونی ڕاسیزم لەناو چینی کرێکاردا، بەڵام لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم ڕەوتە لەناو چینی دەستەڵاتدار و سەردەستدا پێگەی زیاترە هەتا لەناو چین و توێژە لاوازەکاندا.

دەکرێ هەم وەک دیاردەیەکی گشتی و هەم وەک دیاردەیەکی تایبەتی باس لە ڕاسیزم بکرێ. دەکرێ بە شێوەی جیاواز و لە کاتی جیاواز لەناو کۆمەڵەخەڵکی جیاوازدا باسی لێوە بکرێ، بەڵام هەمیشە دەبێ مۆرک و واتای هاوبەش لەناو چوارچێوە جیاوازەکاندا هەبێ بۆ ئەوەی بتوانرێ ناوی لێ بنرێ ڕاسیزم.

ڕا و بۆچوونێکی هاوبەش بۆ چەمکی ڕاسیزم کە زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان لەسەری کۆکن، ئەوەیە کە هەر لە بنەڕەتدا، ڕاسیزم تێدەکۆشێ کە مرۆڤەکان بەسەر خەڵک و گرووپ و ڕەگەزی جیاوازدا بەش بەش بکات، ئەمە بەپێی بۆچوون و ڕوانگەی بایۆلۆجی، ئایینی، زانستی و کولتووری بۆ ئەوەی لەسەر بنچینە و بنەڕەتی ئەو بۆچوون و ڕوانگانە، پیاو پێناسەی خەڵکی سەردەست و ژێردەست، بە دەستەڵات و بێ دەستەڵات، دانان و دیاریکردنی سنووری نێوان (ئێمە و ئەوان) بکات، بۆ هەڵاواردن و جووداکردنەوەی خەڵکی جیاواز و بۆ بێبەریکردنی ئەوانەی لە ئێمە نین.

ڕاسیزم لەوەوە هەنگاو دەنێ و دەست پێ دەکات کە ڕەگەزی جیاواز لەناو خەڵکدا هەیە، ئەو گرووپە جیاوازانە هەندێکیان لە هەندێکی تریان کەم یان زۆر بەنرخترن و لە ئاستی بەرزتردان، هەر بۆیەش دەبێ بە چاوی جیاواز تەماشا بکرێن و مامەڵەی جیاوازیان لەگەڵدا بکرێ. ئەمڕۆ هەموو دەزانین کە چەمکی ڕاسیزم بە دەگمەن بەکاردێت، بەڵام مانای ئەوە نییە کە نەماوە و کرۆک و ماهییەتی ئەو چەمکە بێهێز بووە یان باوی نەماوە، نەخێر بەڵکوو بە شێوەی تازەتر هاتۆتە

مەیدانەوە، وەک ڕاسیزمی نوێ، ڕاسیزمی کولتووری و ڕاسیزمی ڕەگەزی بۆ هەمان مانا و مەبەستی جاران (گۆڕین).
ئێستا بەپێی ئەو پێوانەیەی سەرەوە، دەتوانین بەبێ ئەوەی دەمارگیر بین، تا ڕادەیەک وەڵامی گوتەکانی عەمرو موسای سەرۆکی جامیعەی عەرەبی بدەینەوە.
ئەو دەڵێ: (زۆر ترسناکە ئەگەر عێراق وەک وڵاتێکی عەرەبی تەماشا نەکرێ، بە هۆی نەتەوەیەکی ترەوە بۆ نموونە کورد). ئەگەر کەسێکی ئاسایی ئەوەی بگوتایە مایەی سەغڵەتی دەبوو بەڵام لەوانەیە بە هەندمان هەڵنەگرتایە، لەبەرئەوە نا کە بە دەگمەن گوێمان لەو گوتانە دەبێ، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە لەو جۆرە هەڵوێستانە سواوین. بەڵام بۆچوونی کەسێکی وەک ئەو پیاوە لە پۆستێکی وا بەرزدا، بە ڕاستی جێگەی مەترسییە و بە بۆچوونی من دەبێ ئێمەی کورد حسابی ورد و گفتوگۆی زۆر و لێکۆڵینەوە و تێڕامانی زۆری لەسەر بکەین.
با لەوەگەڕێین، ئەو پیاوە لە سەردەمی سەددام و کوردقڕاندا هەمیشە پۆستی گرینگی هەبووە و باوەر ناکەم تەنیا جارێکیش ناوی کوردی هێنابێ، چ جای باسکردنی زووڵمەکانی دەرهەق بە گەلی کورد و خەلکی کوردستان.
دەکرێ لە زۆر لایەن و ڕوانگە و بۆچوونی جیاوازەوە گوتەکانی ئەو پیاوە شەنوکەو بکەین و شییان بکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەوەندەی بکرێ وێنەیەکی ڕاست و دروستییان بدەینێ و، دادپەروەرانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین.
با لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین و بزانین بۆ (عەمرو موسا) بە مەترسییەکی ئەوەندە گەورەی دەزانێ کە عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکیی (کورد و عەرەب) و چەند کەمە نەتەوایەتییەکی تر پێکهاتووە و بەشێکە لە جیهانی ئیسلامی، بەشە عەرەبییەکەشی سەر بە نەتەوەی عەرەبە (مادەی ژمارە سێ لە دەستووری تازەی عێراق).
ئایا چ مەترسییەک لەو بڕیارەدا هەیە کە ئەو پیاوەی بەو شێوەیە هەراسان کردووە؟ ئایا دەبێ بۆ وا سەخت بێ باوەڕ بە ڕاستییەک بکرێ کە بوونی هەیە؟
هەڵبەتە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە پرسیارانە، دەکرێ بە هۆی چەند ئەگەرێک و وادانان و بۆچوونێک ئەم ترسە گەورەیەی ئەو پیاوە لێک بدرێتەوە و ڕاڤە بکرێ.
ئەگەر وا دابنێین کە هەتا ئەمڕۆ عێراق وڵاتێکی عەرەبی بووە و ئێستا لەپڕ هەو نییە و لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێ ئەندام بێ لە جامعەی عەرەبی، ئەوا دوور نییە بۆ سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە سەدمەیەکی گەورەبێ، نەک هەر لەبەرئەوەی کە دەوڵەتێکی گەورە و بە ئابووریی بەهێزی وەک عێراقی لەکیس دەچێ (نەک وەک ئەندام)، بەڵکوو بەرەوڕووی چەندین ڕاستیی حاشاهەڵنەگر دەبێتەوە کە تا ئێستا خنکێنراون، چونکە نەتەوەی کورد و کەمە نەتەوایەتییەکانی تر هیچ حسابێکیان بۆ نەکراوە، بگرە بە زۆری زۆرداری و بەبێ ویستی خۆیان بە عەرەب لە قەڵەم دراون و ناسنامەی عەرەبیان بەبەردا کراوە. بەڵام هەڵبەتە لە ماف و دەستەڵات و دابەشکردنی دەرامەتدا، ئەو نەتەوانە نەک هەر پلە دوو بوونە، بگرە لە سادەترین مافی سەرەتاییی خۆیان بێبەش کراون، کەچی هیچ هەڵوێستێک یان کاردانەوەیەکی ئیجابیمان نە لەو پیاوە و نە لە کەسێکی تری جامعەی عەرەبییەوە نەبیست.
ئەگەرێکی تر کە بە بۆچوونی من زۆر بەهێزە، ئەوەیە کە ئەگەر ئەو وادابنێ کە بە هۆی ئەوەی لە عێراقدا عەرەب زۆرینەن و کوردیش کەمینەیە لە ڕووی دانیشتوانەوە، کە دوور نییە هەر لەو

ڕوانگەیەوە سەیری کردبێ، چونکە ئەویش بە دڵنییایەوە هەر وەک یەکێک لەو سەرکردانەی تری دەوڵەتە دراوسێیەکانی عێراقە و بە هەمان چاوەوە تەماشای مەسەلەی کورد دەکات، کە کورد کەمینەیە لە هەر یەکێک لەو وڵاتانەدا و ئەم سیاسەتەشیان زۆر بە باشی پەیڕەو کردووە و قۆزتۆتەوە بۆ ئەوەی گەلی کوردی پێ ژێردەست و چاوترسێن بکەن. هەر ئەم هۆیەش بە شێوەیەکی سیستەماتیکی لە لایەن زۆربەی ئەو ڕژێمانەی کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، بە شێوەیەکی باش لە قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان و دژ بە بەرژەوەندیی گەلی کورد و خەڵکی کوردستان بەکاریان هێناوە بە تایبەتیش عێراقی عەرەبی و ئەندامی دڵسۆز و دامەزرێنەری جامعەی عەرەبی لە لایەن دۆستی دێرینی عەمرو موساوە کە سەددام حسێن بوو، هەتا ئێستا و بگرە بۆ سەدان ساڵی تریش سیمای شار و شارۆچکە و خاک و مێژوو و جوگرافیای کوردستان وەک خۆی لێ نایەتەوە، بەبێ ئەوەی سەرۆکی جامعەی عەرەبی نەک هەر بە مەترسیی دانابێ، بگرە پاڵپشتێکی دڵسۆزی ئەو هەنگاوە ترسناکانە بووە هەم لە جیهانی عەرەبی و هەم لە جیهانی دەرەوەی وڵاتانی عەرەبیدا. بەڵام ئایا زۆرینە بە مانای (گەلێکی تری کە هەر بەپێی لێکدانەوەی خۆیان بە عەرەب لە قەڵەم درابوو)، باڵادەستی و نایەکسانی و پلە یەک و دوو و نرخی بەرزتر و نزمتر بۆ نێوان دوو نەتەوە دێ؟

ئایا لەبەرئەوەی عەرەب لەعێراقدا زۆرینەن، دەکرێ بڕیاردەربن و پێناسەی کورد و کلدان و ئاشوور و تورکمان بکەن؟ ئایا دەبێ ئۆتۆماتیکی نرخی ئەوان زیاتر و بەرزتربێ؟ دەبێ باڵادەست و دەسەڵاتدار بن؟ ئایا دەکرێ بە دوو پێوانە هەمان دیاردە بپێوین و بە دوو چاوی جیاواز تەماشای هەمان دیاردە بکەین؟ دەکرێ دوو نرخی جیاواز بۆ مرۆڤی هەمان شار و ژینگە و هەمان ڕەنگ و ڕوو و پێست دابنێین؟

وەڵامەکەی زۆر سەختت نییە، عەمرو موسا هێشتا بە ڕاشکاوی و بێ پێچ و پەنا و بێ گەڕان بە دوای ناوەخن و گومان هێشتنەوە، هەر کەڵک لە ڕا و بۆچوونی ڕاسیزمی کلاسیکی وەردەگرێ. بۆ ڕاستی و ساغکردنەوەی گوتەکانمان دەتوانین هەر ئەوەش بکەینە پێوەر، چ کوردێک هەیە کە گوێی لەم گوتانەی ئەو پیاوە بووبێ و هەست بە برینداری و بێ هیوایی و ساردبوونەوەیەک نەکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ئێمەی کورد بە چاوی ئەو تەماشای نەتەوەی عەرەب یان هەر نەتەوەیەکی تر بکەین.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر پێشەکیی وتارەکە و بەپێی ئەو پێناسە و پێوانانە لێکدانەوەکانمان گرێ بدەین و بیانپێوین، بۆمان دەردەکەوێ کە هیچ گومانی تێدا نییە گوتەکانی عەمرو موسا بە مەبەستی هەڵاواردن و جووداکردنەوە و سنووردانانە لە نێوان دوو نەتەوەی کورد و عەرەبدا کردوویەتی. ئەو نایەوێ بە هەمان چاو تەماشای ئەو دوو نەتەوەیە بکات، ئەو مافەی بە گەلەکەی خۆی دەدات ئامادە نییە بە گەلێکی هەتا ئێستاش ژێردەستەی وەک کوردی بدات. ئەو ئامادە نییە کورد وەک گەلێکی سەربەخۆ بناسێ و مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بەڵکوو وەک گەلێک کە بەشێکی پلە دووی نەتەوەی عەرەب بێ و ئەویش بڕیار لە چارەنووس و بەرژەوەندی و پاشەڕۆژی بدات. ئەو بە تێڕوانینی جیاواز تەماشای نەتەوەی جیاواز دەکات و مامەڵەی جیاوازیشیان لەگەڵدا دەکات.

هەڵبەتە نە ئەو جیهانەی ئێستا جیهانی جارانە، نە ئاستی هۆشیاریی نەتەوەی کوردیش وەک جارانە، نە عێراقی ئێستاش وەک هی سەردەمی سەددام حسێنە، ئەگەرچی جیهای عەرەبی و بیری عەمرو موسا هەر ئەوەی جارانە.

2005-09-02

## <u>سەرچاوەکان</u>

Banton, Michael (1998). Racial consiusness. London: Longman.
Hall, Stuart (1993). ”Rasism som ideologisk diskurs”
**Lange, Andersson (1992). Reflektioner kring rasism, Stockholms universitet. (Anders Lange eller Lange, Anders)**
Mehrdad, Darvishpour (2004). Sociologiska texter om familj, etnicitet, feminism och rasism. Mälardalens högskola.
Miles, robert (1989). Racism. London: Routledge.
Wethrell, Margarete & Potter, Jonathan (1992). Mapping the language of racism. Discourse and the legitimation of exploitation